# هەڵفڕینی هەولێر بەرەو مەهاباد

سولەیمان فەرشی

منداڵەکانی سەر قەڵای هەولێر، بەچکە هەڵۆیەک فێری هەڵفڕین دەکەن!
پێی دەڵێن: برۆ بۆ چوارچرا، بۆ ئەو شوێنەی وا رەنگەکان چژاونەتە نێویەکەوە و ئاڵاکەمان لە دایک بوە!
برۆ بۆ ئەو شوێنەی ئاسمانەکەی هێلانەی هەرچی هەڵۆیە،برۆ ئاوپرژێنی شاباڵی خۆت کە، بە ئاوی ئەو شارە!
ئەگەر گەیشتییە باخی میکائیل، لە سەر لقی هەر دارێک هەڵنیشی، لاوەکان بەرەوپیرت دێن و سەمای سەربەخۆیت بۆ دەکەن،
بەخێر بێی هەڵۆی بەرزی ئاسمانە کەسکەکەی دەشتی هەولێر،
ئێرە شاری قازیە،
چوارچرای هەموو کوردستانە،
لانکەی حەسانەوەی هەژار و هێمن و ماملێ و هەموو هەڵۆکانە،
لە بیرت نەچێ،
ئەگەر ئاسمانی هەموو شارەکەت پێوا،
بچۆ سەر مەرقەدی 59 ئەستێرە و نووشتەیەک بە داری ئاواتەکانیانەوە هەڵواسە، ئەو شوێنەی وا گوڵی شێست پەڕی"شوانە"ی لێ شین بووە،
پەڕی باڵێکی خۆت بکە بە کێل و دایچینە،
هەموو گۆرانیەکانیان فێربە و ورەوە لە سەر قەندیل
بچریکێنە،بچریکێنە!

سەرماوەزی 2705
ئاڵمان- کۆڵن